# قسەیەک لەسەر ئەو دیاردانەی لە کەناڵەکانی ئاسمانی پێشان دەدرێن

خۆشبەختانە ئێستا چەندین کەناڵی ئاسمانی کوردستانی هەن، هەندێکیان تەنیا بە زمانی کوردی و هەندێکی دیکەشیان بەرنامەیان بە زمانەکانی دیکەش هەیە، ئەمەش وایکردووە کە دیمەنەکانی سروشتی و کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستان بەئاسانی بۆ ناو ماڵی جیهانیان بگوزرێنەوە، لەپێناو کۆمەڵگەیەکی ژیاری و هاوچەرخ دا دەکرێ بەرنامەی باش و باشتر ئامادە بکرێن و پێشان بدرێن، چونکە لە سەردەمی ئێستاماندا کەناڵی ئاسمانی بۆتە ئاوێنەی باڵانوێنێ کۆمەڵگەکان، کەناڵە کوردستانیەکانیش بوونەتە ئەو ئاوێنەیەی کە دەبی بە پاکی و بێگەردیەوە دیمەنەکانی کوردستانیان پێشان بدەن.

بەرنامەیZOOM IN زووم ئین یەکێکە لەو بەرنامانەی کە لە کەناڵی ئاسمانی کوردستان پێشکەش دەکرێ، دیاردەو رووداوی سەیری نێو کۆمەڵگە پێشان دەدات، بەڵام ئایا بۆچی زووم ئین؟! ئایا نەدەکرا وشەیەکی کوردی دیکە هەڵبژێردراباو لەگەڵ ئەو بەرنامەیە بیگونجێندرابایە؟؟ لێرەدا نامەوێ سەبارەت بەم وشەیە بدوێم و تیشک بخەمە سەر لایەنەکانیەوە چونکە باسێکی دیکەیەو لەکاتی گونجاودا قسەی لەسەر دەکەین.

دوا بە دوای زووم ئین، بەرنامەی ٥ خولەک لە کەناڵی ئاسمانی نەورۆز هات و لاسایی کردەوە، من دەستخۆشیان لێدەکەم، بەڵام پێموایە کە هەندی دیاردەو رووداو هەن زۆر تایبەتمەندو ناوخۆیین، نابێ لە کەناڵی ئاسمانی پێشان بدرێن، چونکە لەرێگەی کەناڵی ئاسمانیەوە هەموو جیهانیان دەتوانن سەیریان بکەن. کاتێک بیانییک دیاردەی لەیاسا دەرچوون دەبینێ، دەبێ چیمان پێبڵێ؟! ئایا دەشی بڵێ ئەوانە کۆمەڵگەیەکی تێگەیشتوون؟! شایستەی ئەوەن کە دەوڵەتی سەربەخۆیان هەبێ؟!




لەهەفتەی رابردوودا بەرنامەی زووم ئین چەند وێنەیەکی ڤیدیۆیی لەسەر دیاردەی سەرپێچی کارەبا پێشاندا، من دەڵێم خۆزگە لەجێی ئەو وێنانە دوو ئاژەڵە کێوی یان دوو باڵندەی خۆماڵی پێشان بدابوایە!

ئایا چاوی کامێرا دەتوانی لە دوو نیگای جیاوازەوە سەیری مرۆڤەکان بکات؟ دەکرێ موو لە چاوی هەژارو نەدارانی کۆمەڵگە ببینێ کاریتەش لە چاوی سەرمایەداران و بەرپرسیان نەدۆزێتەوە؟!

لەکاتێکدا کە دنیایێکی زل و زەبەلاح لە چاوی دەستەڵات و بەرپرسانی حزبی و حکومەتدا هەیە، کەچی زوومی کامێرای کەناڵەکانی کوردستان پێشانیان نادەن، بەڵام دەتوانن کێبڵی کارەبامان پێشان بدەن کە داماوانە لە شەوو رۆژێکدا ١٢ کاتژمێر کارەبایان پێدا دەڕوات.

ئێمە لە هەزارەی سێیەمدا دەژین و حەقدە ساڵیشە باشووری کوردستان ئازادەو خۆمان حوکمی خۆمان دەکەین، وێڕای ئەوەی کە بودجەیەکی زۆرو زەوەندیش لە حکومەتی ناوەندی و لە خاڵە سنووریەکانەوە مسۆگەر دەکەین کەچی نەمانتوانیوە سەرچاوەیەکی کارەبایی دابمەزرێنین و کوردستانی پێ رووناک بکەینەوە.

ئەگەر بەو هەموو بودجەو داهاتەوە نەتوانین، ئەی چۆن چاومان لەوەبێ کە کابرایێکی دەوڵەمەند دەتوانێ کارەبامان بۆ دابین بکات؟! ئەگەر ئەم دیاردەیەش ناشیرین بێ، ئایا کێ لێی بەرپرسیارە؟!

کورد دەڵێ ماڵ بە ماخۆی نەچێ حەرامە، باشە کەسێک ئەگەر بەرک و گیرفانی پڕبێ و زگی تێربێ، چۆن چاوی لە دزی و حەرامخواردن دەبێ؟! ئەم لێکدانەوەیە بۆ کارەباش راستە.

باشە رۆژنامەوانانی خۆشەویست ئەگەر دەتانەوێ سەرپێچیکردن لە کارەبا پێشان بدرێ، بۆ سەرەتا بەدواداچوون لە جیهانی چراخانەکانەوە دەست پێناکەن؟! باشە بۆ خاوەنی ئەو ڤێللاو بینایانە نادوێنن کە کارەبای بەردەوامیان هەیەو کەس نازانێ چۆنیان دابین کردووە؟! باشە ناتواندرێ شۆفێری مۆنیکایەکان، خاوەنی ڤێللاکان یان خاوەنی باڵاخانەکان بدوێنن و بپرسن: 'ئەمانەت لە کوێ هێنا؟!'

ئێمە لە رێگەی راگەیاندنەکانەوە بۆمان دەرکەوت کە بەهۆی کرینی خانوویێک، خێزانی **تۆنی بلەری** سەرۆک وەزیرانی پێشووی بەریتانیایان راکێشایە نێو هۆڵی دادگەو لێپرسینەوەیان لەگەڵدا کرد.

بۆ دەبێ ئێمەی کوردستانی لە بینا دروستکردن و شتی رووکەشدا چاو لەوڵاتانی پێشکەوتوو بکەین، بەڵام لە لێپرسینەوەو بەدواداچووندا لاسایی ئەوان نەکەینەوە؟!

بێگومان لەنێو هەر کۆمەڵگەیەکدا تاکی لامل و لە یاسا دەرچوو هەیە، بەڵام لە کۆمەڵگەی ئێمەدا زۆرینەی تاکی لامل خاوەن دەستەڵاتن، ئەگەر فەرمانبەرو کارمەندێکی بەڕێوەبەرایەتییک بۆ خۆی دزی و لاملی بکات، ئیتر چۆن دەتوانێ لێپرسینەوە لەگەڵ کەسانی دیکەدا بکات کە یاساو رێساکان نازانن؟!

ئەگەر هەژارێک ببینێ کە بەرپرسێکی باڵا سەرپێچی کردووەو بە قاچاغ هێڵی کارەبای راکێشاوە، ئەی بۆ هەژارەکە بێکارەبایی بە مافخواردن و مافسەندن نەزانێ؟!

هەژارو نەدارەکان کاتێک ناتوانن کە مافە سەندراوەکانی خۆیان وەربگرنەوە، ناچار پەنا بۆ دزی و فێڵکردن دەبەن، هەرچەندە ئەگەر بشزانن کە کارێکی باش و مەردانە نیە، بەڵام لەگەڵ ویژدانی خۆیانەوە دەکەونە مشتومڕ و دەپرسن: 'بۆ هەر بەرپرسە زلەکان بیخۆن و ئێمەش لێی بێبەش بین؟!'

هەژارو نەدارەکان کاتێک دەبینن کە سەرمایەدارە تازە پەیدابووەکان بازرگانی بەهەموو شتێکەوە دەکەن، ئەوانیش هەوڵی قاچاندنەوە دەدەن و دەڵێن با تۆزێکیش بەر منداڵە برسیەکانی ئێمەش بکەوێ. دەڵێن با منداڵەکانی هەژاران و شەهیدەکانیش بیخۆن و چەند ساتێک ئاسوودە بخەون!!

من پێمباشە کە زووم ئین و بەرنامەکانی دیکە نەترسانە بە دواداچوون بۆ دیاردە دزێو و قێزەوەنەکان بکەن، بەڵام کارێک نەکەن کە زیان بە ناوبانگی نەتەوەکەمان بگات، کارێک نەکەن کە تەنیا چینی هەژارو نەدار بە سەرپێچیکارو لە یاسا دەرچوو پێشان بدرێن، باشتروایە کە لە لووتکەی هەرەمەکەوە دەست پێبکەن، ئەوسا وردە و ردە پێیدا بێنە خوارێ، ئەگەر کارێکی لەم شێوەیە بکرێ، بێگومان قازانجی کۆمەڵگەی تێدا دەبێ، تەنانەت جیهانیانیش ئاماژە بە بوێری کەناڵەکانی راگەیاندنی کوردستان دەکەن.

ئەمڕۆ لە زۆربەی کەناڵە ئاسمانی و ناوخۆییەکانی وڵاتانی پێشکەوتوودا، نەترسانە کارو کردەوەکانی بەرپرسان دەخرێنە بەرچاوی خەڵک و هەڵیاندەسەنگێنن، تەنانەت هونەرمەندانی کۆمیدی لاسایی پادشاو سەرۆکوەزیرو بەرپرسانی دیکە دەکەنەوەو کەسیش لێیان توورە نابێ و دەرگەی دادگەیان لێناگرن و سزایان نادەن و ترسی سوکایەتی پێکردن و کوشتنیشیان نیە، بەڵام لێرەدا نەبۆتە کولتور کە رەفتارو کردەوەکانی بەرپرسان بخرێنە ژێر زوومی کامێراکانەوە، هێشتا ترسێک رۆژنامەوانانی داگرتووەو بە مافی خۆیانی نازانن کە بە دواداچوون بۆ سەرمایەو ڤێللاو باڵاخانەکانی بەرپرسان بکەن، هێشتا ترسی گرتن و سوکایەتی پێکردن و رفاندن و ئەشکەنجەدان و کوشتن لەسەر رۆژنامەوان هەڵنەگیراوە، بۆیە بە ناچارییەوە پەنا بۆ پێشاندانی ئەو سەرپێچیانە دەبەن کە هەژارو نەدارەکانێ ئەنجامی دەدەن.

زووم ئین و بەرنامەکانی دیکە با وێنەی کاروانی مۆنیکایەکان بگرن کە رۆنگ ساید دەهاژۆن و بە بێ ترس لە گڵۆپی سووری ترافیکەکان دەدەن ، با ئەو دیمەنانە پێشانی خەڵکی بدەن، با هەڕەشەو گوڕەشەی ئەو پاسەوانانە تۆماربکەن و پێشانی بدەن کە چۆن هەڵدەکوتنە سەر خەڵک و بەزۆر رێگەکانیان پێ چۆڵ دەکەن، باشتروایە کە زووم ئین و بەرنامەکانی دیکە رەفتاری ئەوانە تۆمار بکەن کە بەپارە کاری جەماوەر دەڕوێنن، ئاخر ئێستا وای لێهاتووە کە هەموو سەرپێچیەکان بە بەرتیل چارەسەر دەکرێن، بڕوانامەو مۆڵەت دەکڕدرێن و بەبێ ماندووبوون دەهێنرێنە نێو ماڵەکانەوە. بێگومان ئەگەر کەسێک بە پارە مۆڵەتی شۆفێری دەربهێنێ، رێنوێنیەکان و یاساکانی ترافیک نازانێ و لە لێخوڕینیشدا سەرپێچی دەکات. هەڵبەت ئەگەر فێرخوازێک بە پارە نمرەکان مسۆگەر بکات، لە زانست و زنیاری بێبەش دەبێ، کاتێک داشدەمەزرێ ناتوانێ سوود بە کۆمەڵگە بگەیەنێ.

وەک دەگوترێ کە هەموو شتێ لە باریکیدا دەپسێ، تەنیا زوڵم و زۆرداری لە ئەستووریدا دەپسێ، دەی کەواتە با شتەکانی ئێمەی کوردستانی لە ئەستووریدا نەپسێن. با لە ئێستاوە کەناڵەکانی راگەیاندن ئەو دیمەنانە پێشانی خەڵکی خۆمان بدەن و تێیانبگەیەنن کە پەسندی نەکەن، باشتروایە کەناڵەکانی ئاسمانیش سوود لە ئەزموونی کەناڵی ئاسمانی وڵاتانی دیکە وەربگرن، بۆ پێشکەشکردنی بەرنامەی سوودمەند لاسایی ئەوان بکەنەوە.

**فەرەیدوون محەمەد**

---

# رەوشی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا

## بەشی سێیەم و کۆتایی

ژنانی کۆمەڵگەی کوردەواری وەک ژنانی کۆمەڵگەکانی دیکە قۆناغ بە قۆناغ بەرەو وەدەستهێنانەوەی مافەکانیان تێکۆشاون، رۆڵ و کاریگەری خۆیان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا پێشان داوە، لە سەرەتای راپەڕین، دواتریش لە سەردەمی رزگاری و لەژێر سێبەری حکومەتی هەرێمی کوردستاندا رۆڵی ژنان باشتر دەرکەوت، لەلایەکەوە ژنان بۆ خۆیان هاتنە مەیدان و تێکەڵاوی کاری سیاسی بوون، لەلایەکی دیکەشەوە ئەمریکاو هاوپەیمانانی گوشار لە هێزە کوردستانیەکان و عێراقیەکانیان کردوە تا دەرگەی بەڕێوەبردن بە رووی ژنانیش بکەنەوە، بەوهۆیەشەوە رێژەیەک لە ژنان گەیشتنە نێو پەرلەمان و پۆستی حکومەتیشیان پێسپێردرا. تەنانەت چالاکی ژنان لەنێوەندی رۆشنبیریشدا بەرفراوانتر بووەوە، بەڵام رێکخراوەکانی بەناو ژنان ئەو رۆڵ و کاریگەرییەیان کاڵ کردۆتەوە، ئیرادەی خۆیان رادەستی پیاوانی لایەنە سیاسیەکان کردووە، زۆربەی رێکخراوەکان وەک پاشکۆی لایەنێک درێژەیان بە کاری خۆیان داوەو مەبەستیشیان سەرخستنی پیاوانی حزب بووە.

ئەگەر بە چاوێکی دڵسۆزانەوە لە رەوشی ژنانی کوردستان بڕوانین، داخبار دەبین، ئێستا خۆسووتاندن و خۆکوژی ژنان لە هەموو کاتێک زیاتر پەرەی سەندووە، رێژەی سەر بەهەوێ شوو کردن بەرزتر بۆتەوە، هەروەها قەیرەیی وەک دیاردەیەکی ترسناک باڵی بێهیوایی بەسەر ژنان دا کێشاوە، ئەمەش چالاکوانانی بواری یەکسانی و مافی ژنانی لە دووریاندا راگرتووە، ئەگەر ژنان مەبەستیانە کە ماف و ئازادیەکانیان وەدەست بێنن و ئەرکی خۆیان لەبەرانبەر کۆمەڵگەدا بەڕێوە ببەن، ئەی پاساوی خۆکوشتن و خۆسووتاندن چیە؟! ئەگەر ژنان مەبەستیانە کە دیاردەی قەیرەیی نەمێنێ و ئاسانکاری بۆ هاوسەرگیری بکرێ، ئەی پێداگرتن لەسەر زێڕو ماڵی سەربەخۆ چییە؟! ئەگەر ژنان دەیانەوێ فرەژنی نەمێنێ و بەیاسا رێگە لە فرەژنی بگرن، ئەی بۆچی رێگە دەدەن هەندێک لەهاو رەگەزانی خۆیان سەر بەهەوێ شوو بکەن و ژیان لە ژنێکی دیکە تێک بدەن؟! وەک دەگوترێ کە زۆرینەی ئەوانەی سەر بەهەوی شوو بە بەرپرسان و سەرمایەداران دەکەن، ژنانی خوێندەوارن یان بانگەشەی یەکسانی مافی ژن و پیاو دەکەن، دەکرێ ژنان زۆر راشکاوانە لەسەر ئەم دیاردەیە رابوەستن.

ئەگەر مەبەست وەدەستهێنانی مافی ژنان و یەکسانکردنی مرۆڤەکان بێ، نابێ ژنان لە رێکخراوی پاشکۆدا خۆیان بێ ئیرادە بکەن، ئەگەر مەبەست گێڕانەوەی ئیرادەی ژنان بێ، نابێ تەسلیم بە واقیعی داسەپاو ببین و خۆمان بسووتێنین، ئەگەر ئامانج نەهێشتنی فرەژنی بێ، دەبێ لانی کەم ژنان ئەو هۆشیاریەیان هەبێ کە خۆیان ئارەزوومەندانە سەربەهەوێ شوو نەکەن. دەبێ راستگۆیانە لەخۆمان بپرسین: ئەوە کێن کە سەربە هەوێ شوو دەکەن؟!

ئایا پیاوان بە زۆرەکی دەتوانن ژنی دووەم و سێهەم بهێنن؟!

بۆ سڕینەوەی دیاردەی فرەژنی دەبێ ژنان لە خۆیانەوە دەست پێبکەن، ئەوان پێداگر بن و سەر بەهەوێ شوو نەکەن، دەبێ قانع بن و بە دوای پیاوی دەوڵەمەند نەگەڕێن. ژنان کاتێک دەتوانن یەکسان بن کە خاوەن ئابووری خۆیان بن، ئەو ئابوورییەش بە کارکردن پەیدا دەبێ، کەواتە دەبێ ئێمەی ژن بەر لە هەموو شتێک بیر لە کارکردن بکەینەوە. ئەگەر کچان بەمەبەستی داهاتوویێکی ئاسوودە بە دوای پیاوی دەوڵەمەند بگەڕێن و سەرمایە بکەن بە مەرجی هاوسەری، رەوشی ژنان رۆژ دوای رۆژ بەرەو خراپتر دەڕوات، بەڵام ئەگەر پرۆسەی هاوسەرگیری وەکو خۆشەویستی و ژیانی ئاسوودەو بەختەوەر چاوی لێبکرێ، دەبێ کچان حەزی پارەو ویستی بەدبەخت کردنی ژنێکی دیکە لە ناخی خۆیاندا بکوژن.

زۆر جاران گوێم لێ دەبێ دەگوترێ کە فلانە پیاو ژنیشی هەیە، چۆتە خوازبێنێ ژنێکی دیکە و وەڵامی ئەرێشی وەرگرتۆتەوە، لێردەدا دەکرێ لە خۆمان بپرسین کە ئایا پیاوە ژندارەکە وەڵامی ئەرێی لە کێ وەرگرتۆتەوە؟! بێگومان ژنی دووەم بۆ ئاڵتوون و ماڵ و سەیارەو خانوو تامی بووەو ئامادەیە پشتی ژنێک بشکێنێ و بچێتە جێگەکەی ئەو. لەو حاڵەتەدا دەردەکەوێ کە پیاوێک چەندە سامانیشی هەبێ و حەزی لە فرەژنیش بێ، ناتوانێ پرۆسەی هاوسەرگیری دووەم ئەنجام بدات ئەگەر ژنێک ئامادە نەبی شووی پێبکات و ژیانی ژنێکی دیکە تێک بدات، کەواتە ژن خۆیشی تۆمەتبارەو ستەم لە هاوڕەگەزەکەی خۆی دەکات، خۆویستانە بیر لە بەرژەوەندی خۆی دەکاتەوەو جێگەی هاوڕەگەزێکی خۆی داگیر دەکات. جاری وا هەبووە کچێک بەمەرج شووی بە پیاوێکی ژندار کردووە، مەرجەکەیشی تەڵاقدانی ژنی یەکەم بووە، دیسانەوە کچەکە لە تێکدانی ژیانی هاوڕەگەزێکی خۆی تۆمەتبارەو ئەو ستەمی کردووە، ئەگەر ئەو لەبنەڕەتدا پیاوی ژندار رەت بکاتەوە، نابێتەی هۆی تەڵاقدانی ژنێکی دیکە.

دوای هێنانەوەی ئەو نموونانە دەکرێ پەنجەی تۆمەتبارکردن بۆ کچان و ژنانیش درێژ بکەین، ئەوان خۆیان بە هۆکاری نایەکسانی و هێشتنەوەی ستەم دابنێین. چونکە ئەگەر ژنێک ئامادەگی ئەوەی تێدا نەبێ کە شوو بە پیاوێکی ژندار بکات، ئەوە دیاردەی فرەژنی نامێنێ.



ئەگەر ژنێک یان کچێک مەرجی تەڵاقدانی ژنی یەکەم بۆ پیاو دانەنێ ستەم درێژەی نابێ و ژنانێک گیرۆدەی دەردەسەری و کوێرەوەری و بێ مێردی نابنەوە. لە رەوشێکی ئاوادا ناکرێ خۆشبین و گەشبینانە لە داهاتووی ژنان بڕوانین.

**پەروین فەیزوڵڵا**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com